Signature Not Verified
Dengekan
Digitally signed by Dengekan
DN: cn=Dengekan, o=Goran Abdullah, c=US
Date: 2003.01.05 10:29:07 -06'00'

# تفەنگێک بۆ کرێ

حەمەسەعید حەسەن

من بە بەڵگەوە تۆمەتی ناپاکیم وەپاڵ تۆ دا، من هەمیشە پشت بە بەڵگەنامە و سەرچاوە دەبەستم. ئەوەی کە فائیق شێخ عەلی لە جەلال تاڵەبانی داوە، لە ژمارە (١٣)ی هەفتەنامەی (جەماوەر)یشدا بڵاو کراوەتەوە.(١) تۆ دەتەوێت بەوەی خۆت وەک کۆنەچەپ بە خەڵک بناسێنێت، سەریان لێ تێک بدەیت و نەتناسنەوە. نا بە هەڵەدا چوویت، ئەو زمانە بە جنێو دەوڵەمەندەی پێت نووسیوە، گەواهی لەسەر ناسنامەت دەدات، ئاخر تەنیا ئەوی خاوەنی پێشینەیەکی وەک هی تۆ بێت، هێندە سووک بۆ ژن دەڕوانێت. ئەگەر ڕابردووت خاوێنە، فەرموو بوێرە، ناوی خۆت ئاشکرا بکە! ئەها من چونکە شانازی بە ڕابردووی خۆمەوە دەکەم، بە ناوی خۆشمەوە ڕەخنە دەگرم. ئەها من لە حیزب و دەسەڵات ناترسم و تۆ لە وشەی ئازادی من دەترسیت؟

فەرموو بەڵگەت چییە کە من چەکم دژی گەلەکەم هەڵگرتووە، بەڵام من بەڵگەم لایە، سەرانی ئەو لایەنەی تۆ هەنووکە داکۆکیی لێ دەکەیت، ساڵانێکی دوور و درێژ چەکیان دژی کورد هەڵگرتووە. من کە سەر بە حشع بووم، لە کۆمیتەی ڕۆشنبیراندا کارم دەکرد، کە زۆربەی ئەندامەکانی مامۆستای زانکۆی سلێمانی بوون. من لە ڕۆژی یەکەمەوە دژی هاوکاریی نێوان حشع و بەعس بووم و هەر لەبەر ئەو هۆکارەش کە ڕوانگەی منەوە ناپاکی بوو، لە حشع کشامەوە.

تۆ کە جنێو دەدەیت، پێش هەموو کەسێک سووکایەتی بە خودی خۆت دەکەیت. دەتوانیت سەدان جنێو بە من بدەیت، هەزاران تۆمەتی بێ بناغەم بدەیتە پاڵ، بەڵام ناتوانیت ڕابردووی تەڵخی خۆت ڕۆشن بکەیەوە. پشتگیریی لە خەزرەجی و ساممەڕائی دەکەیت، کە دڵنیایت کوردیان ئەنفال کردووە، جنێو بە من دەدەیت، کە گوایە سەمینۆفە شرێکم دژی کورد هەڵگرتووە! دەتوانێت خەو بەوەوە ببینێت، من بکەومە سەنگەری دژ بە گەلەکەمەوە، بەڵام مەحاڵە ئەو خەومت بێتە دی و بەو داخەوە سەر دەنێیتەوە.

من کە ئاڵای داکۆکیکردنم لە گەلەکەم بڵند ڕاگرتووە و هەرگیز سازشم نەکردووە و تازە ناشی کەم، چاوەڕێی ئەوە دەکەم، لایەنێک کە ڕەخنەم هەراسانی کردووە، کەسێکی وەک تۆم لێ ڕابسپێرێت، تا جنێوم پێ بدات و تۆمەتم بۆ هەڵببەستێت. دوای ڕاپەڕین، فایلی هەمووان کەوتە ڕوو، فایلەکەی من هێندە خاوێن بوو، لە پێشانگادا نیشان درا. من خۆم دەزانم خەریکی چیم و ئامادەم باجی خەباتی خۆم بدەم، ئیدی خەڵکی وەک تۆ جنێوم پێ بدەن، یان گوللەم پێوە بنێن، سەرپشکن.

(وەک گوتەبێژێک بە ناوی وەزارەتی دەرەوەی تورکیاوە، بە ڕادیۆی عێراقی ئازادی ڕاگەیاندووە، تاڵەبانی داوای لە ڕژێمی تورکیا کردووە، کۆبوونەوەی داهاتووی، ئۆپۆزیسیۆنی عێراق لە ئەنکارا ببەسترێت،)(٢) وەلێ چونکە تورکیا هەموو تفەنگێک بە کرێ ناگرێت، مام ڕەفزی بۆ هاتووەتەوە.

ینک خەو بەوەوە دەبینێت، ئەمریکا پەلاماری عێراق بدات و لەشکری تورکیا بێتە کوردستانی ئازادەوە، تا ببێتە کەواسووری بەر لەشکری تورک و بە هۆی تانک و زرێپۆشی تورکیاوە، هەولێر لە بن دەستی پارتی دەربهێنێت، ئەدی پدک بە هۆی تۆپ و تانکی سوپای عێراقەوە، هەولێری لە ژێر چنگی ینک دەرنەهێنا؟ بەڵام چونکە مێژوو شاهیدە، تاڵەبانی پیاوی (المهمات الفاشله)یە، پێ ناچێت، ئەو خەوەی بەدی بێت.

من خەوی نزم نابینم، خەو بەوەوە نابینم، ببمە شاعیری دەرباری سکرتێری ئەم حیزب، یان ئەو سەرخێڵ، خەو بەوەوە دەبینم، بەردەوام خەو لە چاوی چەوسێنەران و ناپاکان بزڕێنم.

2003. 01. 05

(١) فائیق شێخ عەلی پەلاماری مام جەلال دەدات، جەماوەر، لاپەڕە (١) ژمارە (١٣) ٢٠٠٢/١٢/٢٩
(٢) بۆ ئەم هەواڵە بڕوانە سایتی پدک کە لە (ڕۆیتەرز)ی وەرگرتووە. ٢٠٠٣/١/٤